# پانتایی جەنگ و کاریگەرێتی گوتار...

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢٢/٥/٢٥

وتارەکەی چەرچڵ لە پەرلەمان لە سەردەمی دووەم جەنگی جیهانی دا,بۆ گەلەکەی کە وتی: " من تەنیا فرمێسک و خوێنم هەیە پێشکەشتان بکەم"!... بەناوبانگە... ئاخر هەردوو وشەی فرمێسک و خوێن تەواوی چەرمەسەرییەکانی جەنگیان لە خۆگرتووە، بۆیەکا پەیامەکەی ناوبراو زۆر بەخێرایی گەیشتە جێی...

لەوەتەی شەڕی داسەپاوی رووسیا بەسەر ئۆکراینا کلّپەی سەندووە، ناو و ڕۆڵ و سەرکردایەتی ڤۆلۆدیمێر سێلێنسکی Wolodymyer Selenskyi/ بۆتە جێی سەرنج و باسی جیهان.
ئەم سەرەک کۆمارە، ئەگەرچی کەسایەتییەکی هونەرییە، لێ توانیویەتی سەرکردایەتی وڵاتەکەی بکات و لەسەختترین ڕۆژەکانی پێیدا تێدەپەڕێ و لێهاتووانە بەڕێوەی بەرێ. کاتێ مرۆ بە دیقەتەوە گوێ بۆ قسە و وتارەکانی دەگرێ و سەرنج دەدەیتە هەڵوێستی و بیر لە هزر و بیرکردنەوەی دەکەیتەوە، دەڵێیت: بەڕاستی شایستە ئەو ناوبانگە جیهانییە کە بەدەستی هێناوناوە و دەکرێ و هەقە! بۆ لێوە فێربوون، پەڕۆک لەم کەسایەتییە دادڕین.




سێلێنسکی.. لە یەکەم چرکەساتی شەڕەکەوە لە رۆژی 24.32.20222 ەوە قسە بۆ نەتەوەکەی دەکات، پەیڤەکانی بۆ گەورە و بچووک و ژن و پیاو و قوتابی و سەربازە... متمانەیان پێ دەبەخشێ و نایەڵێ ئیرادەیان تێک بشکێ و ورە بەرز ڕایان دەگرێ و هانیان دەدات بەرگریی لە نیشتمانەکەیان بکەن و هیوای سەرکەوتنیان دەنێتە بەر.. کە بۆ جیهانیش دەکات، بەڕاستی قسەکانی ئاڕاستەی جیهان دەکات. لە دەرگای ویژدانیان دەدات، لە کایەی مێژوو دەیان دوێنێ و لاپەڕە ڕەش و تاڵەکانیان وەبیر دێنێتەوە، هەست و نەستیان وەئاگا دێنێتەوە .. ڕوو لە هەموو توێژ و دەستەوتاقمێکی کاریگەر دەکات، شەرم لە جیهانیش ناکات و بە دەنگی بەرز ڕەخنە دەگرێ و داوا دەکات رووسیا وەتاق بخەنەوە و گەمارۆی توند بخنە سەری..
سواڵی جیهانیش دەکات بۆ بەهانا هاتنی نەتەوە و نیشتمانەکەوەیی و بەدەستهێنان پشتیوانی دۆستتان و مسۆگەرکردنی سەرکەوتن..
با سەرنج بدەینە دوا وتاری لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی WEF کە ئێستا لە داڤوس / سویسرا بەڕێوە دەچێ . دیارە هەموو بەشدارییەکانی لە ڕێگایی پەیامێکی ڤیدیۆییەوەیە .

داوا دەکات:" ئەو گەمارۆ کەمەی خراوەتە سەر رووسیا بەس نییە و پێویستە گەمارۆ بخرێتە سەر سەرچاوەی وزەی رووسیا".. کە تا ئێستا سەرچاوەی پۆتینە بۆ درێژەدان بە شەڕەکە .هەر لێرەدا داوا لە جیهان دەکات:" بێن بەشداری لە بیناکردنەوە و دروستکردنەوەی ئۆکراینا بکەن، بەو پارەی رووسیا کە سڕ کراوە."
باس لەو گرانییە دەکات کە خەریکە دەبێتە مەترسی قڕان و برسێتی لە جیهاندا. ئەفەریقا کە کیشوەرێکە بەرەو وشکبوونەوە و قاقڕی دەچێ، بە پێی ڕاپۆرتێکی Oxfam & Save The Children هەر 48 خولەکێک لە برساندا منداڵێک دەمرێ، ئێستا بە هۆی شەڕەوە کە دەرفەت نییە دانەوێڵەی ئۆکراینا و رووسیایان وەک سەرچاوەی خۆراکی ژیان بگاتە دەست دانیشتوانی ئەم کیشوەرە . تاوانەکەش دەگێڕێتەوە بۆ روووسیا کە ڕێ بە کەشتییەکانی نادات، دانەوێڵە بگوێزنەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان...

دەڵێ: "شەڕ هەتا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت، کە جیهان بازرگانی لەگەڵ رووسیا دا بکەن" ئەمە قسەی پارێزگاری کییف،ڤ . کلیچکۆیە. پێشتریش لە چاوپێکەوتنێکدا وتوویەتی :" شەڕ تانک و تۆپ و تەکنەلۆژیای سەربازی یەکلای ناکاتەوە، بەڵکو ئیرادەی مرۆڤ ،کە ئێمە خاوەنین بڕیاری لەسەر دەدات و دەیباتەوە ."

هەتا ئێستا سێلێنسکی نزیکەی 150 وتاری داوە، بە جیاجیا بۆ زۆربەی وڵاتان، لە بەردەم پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپا، ئەمەریکا و ژاپۆن.. دوێنی لە داڤوس و پێش چەند ڕۆژێ لە فیستیڤاڵی سینەمایی کان و زۆربەی بۆنە سیاسیی و کولتوورییەکانی جیهاندا وتاری داوە.
بێ هیچ کێشەیەک وتارەکانی بەشی کتێبێکی باش دەکەن، هەر بۆیە لە ئەڵمانیا دوو کتێبی گرنگ لە بەهێزترین وتارەکانی بۆ مێژوو دەردەچێت. بە ناوی " **دە وتاری دژ بە جەنگ** ." Droemer "دەری دەکات و کتێبی دووەم بەناوی " **بۆ ئوکراینا- بۆ ئازادی**" دەزگای Ullstein دەری دەکات،کە ٢٤ وتاری لەخۆی گرتووە و دواترینیان لە 30.3.2022 دا پێشکەش کراوە. داهاتی ئەم کتێبانەش بۆ پێداویستییەکانی گەلی ئۆکراینا تەرخان دەکرێت و سەفارەتی ئۆکراینا لە پاریس سەرپەرشتی دەکات...
سێلێنسکی.. لەوەتەی جەنگ هەڵگیرساوە بە فانیلەیەکی ڕەنگ سەوزیی زەیتونییەوە بە ئاڵای وڵاتەکەیەوە، بە ڕووخسارێکی نێو بەرەی جەنگەوە زۆر بە سادەیی و ساکاریی دەردەکەوێ و سەرشان و ملی بە مەدالیا و نیشانەی جۆراوجۆر نەڕازاندۆتەوە، وەک ئەوەی فشە مارشاڵەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوین خۆیانی پێوە بادەدەن..
لەگەڵ ئەوەشدا کە لەژێر ئاگربارانی بەردەوامی موشەک و بۆمبارانی هێزە ئاسمانی و سەرزەمینییەکانی رووسیادایە، بە ئارامی و لەسەرخۆیی دەردەکەوێ و دەدوێ و وتار پێشکەش دەکات.. ئەم ئارامی و لەسەر خۆییەی سیفەتێکی دیکەی ئەرێنییە و بۆتە جێی بایەخ و سەرنجدانی جیهان و مایەی سەرچاوەی وزە و ورەی بەرزی گەلەکەی...لەم دۆخە دژوارەدا زۆربەی وتارەکان بۆ خۆی دەیان نووسێ و راوێژکارەکانیشی هاوکاری دەبن..
بەرووی ناوخۆدا بەردەوام جەت لەسەر یەکێتی و یەکگرتوویی ئۆکراینابیەکان دەکات و داوایان لێدەکات ئەم چەکی یەکگرتنە دروست بکەن و بپارێزن بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاریی و بە ڕووی جیهانیشدا داوای کۆمەک و بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی دەکات و سزا و گەمارۆدانی رووسیاش خواستێکی تری بەڵگەنەویستێتی و بانگەوازی وەستاندنی شەڕەکەش دەکات، بێ ئەوەی چۆک دا بدات بۆ دوژمنەکەیی و هەر بڕیارێکی ئاشی و شەڕیش بە دەنگی گەلەکەی بەڕێوە دەبات،کە پێچەوانەی رووسیایە،کە لە حەز و ئیرادەی پۆتیندا خڕ بۆتەوە. رووسیا هەر ئەوەی دەوێ داروودەستەیەک لە ئۆکرانیا دەسەڵات بەدەست بگرن، دەستچێنی مۆسکۆ و کوتەکی درێژی پۆتین بن و بەکرێگیراوی ڕووسیا و هەرگیز بیر لەوە نەکەنەوە سەربەخۆ و ئازادانە بڕیار بدەن.

سێلێنسکی داواکانی لە حکومەت و دەسەڵاتداران و سیاسییەکان و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و سینەماکاران و موزیکژەنان و وێنەکێشان دەکات، بە دەسەڵات و حیکمەت و هونەر و پیشەکەیان پشتیوانی بکەن لە ئۆکراینا ..
دەڵێ : " موزیکەکەمان هێلەکی خۆپاراستنی لەبەردایە لەبری Smokings ، داوا دەکەم: لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باسی مێژووی شەڕەکەمان بکەن! ڕاستییەکان بگێڕنەوە، بەهەر شێوە و شێوازێک دەتوانن پشتیوانیمان بکەن، بێدەنگیمان ناوێ... "

لە وتارێکیدا لە ڤیستیڤاڵی سینەمایی Cannes باسی فلیمەکەی Apokalypse Now و تاوانەکانی ناو ڤێتنام وەبیر دێنێتەوە.. بە گاڵتەجارییەکەوە پەیام بۆ پۆتین دەنێرێ و دەڵێ :" سبەی بەیانی حەزم لە بۆنی ناپاڵم"ە.. فیلمی بەناوبانگی چارلی چاپلن The Great Dictator بە بیر بەشداربووان دێنێتەوە و دەپرسێ: " ئایا کاتێ دیکتاتۆریی هەبێت ! دەبێت سینەما بێدەنگ و قرقەپ بێت!! .. ئەگەر شەڕێکی ئازادیخوازانە هەبێت!! ڕەوایە سینەما بێدەنگ بێت!؟.. دەڵێ" ئێمە پێویستمان بە (چاپلن)ێکی نوێیە تا پێمان بڵێ هەنووکە سینەما نابێت بێدەنگ بێت.."
سێلێنسکی.. سەرۆک کۆمارێک لە هەموو ئاستەکاندا دەزانێ بە چ شێواز و میتۆدێک بۆ گەلی خۆیی و جیهان دەدوێت..هەر بۆیەشە سۆز و سیمپاتی و پشتیوانی حکومەت و میللەتانی زۆربەی جیهانی بەدەست هێناوە و سەرکەوتووانە هاتۆتە پێشێ.
لە 17.3.2022 بە وتارێکی 15 خولەکی لە پەرلەمانی ئەڵمانیا، ئەم وڵاتە گەورە و بەهێزەی هەژاند... لێرە ئازار و ژانەکانی سەردەمی جەنگی سارد و دیوارەکە و دوو دەوڵەتی ئەڵمانیای وەبیر ئەم گەلە هێنایەوە، کە تا ساڵی1989 درێژەی کێشا... بەتەوسەوە ڕووی لە ڕاوێژکاریی ئەڵمانیا Olaf Scholz کرد- ئەم ڕاوێژکارە کە سەر بە پارتی سۆسیال دیموکراتە و کەمێک لەژێر کاریگەرێتی بیرکردنەوە و هەڵوێستی نەرێنی بەرژەوەندپەرستی کۆنە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا Gerhard Schröder دایە کە ناوبراو بەرژەوەندییەکی گەورەی لەگەڵPutin دا هەیە و لە پرۆژەی گەورە Nord Stream2 دا پۆستی ڕاوێژکاریی هەیە و ڕێگریی لەوە دەکات چەکی قورس بنێردرێ بۆ ئۆکراینا- سێلێنسکی وتە بەناوبانگەکەی سەرۆکی ئەمەریکا Ronald Reagan دەداتەوە بە ڕوویان دا،کە داوای ڕووخانی دیوارەکەی لە گۆرباتشۆڤ و هۆنیکەر کرد و دەڵێ: " ئەو دیوارە بڕوخێنن" واتە ڕێگە بدە چەکی قورسمان بۆ بێت با ئەو دیوارەی شەڕی پۆتین بڕوخێنین بۆ ئاشتی ..
پێویستە بوترێ پێدانە هەڵوێستی حکومەتی ئەڵمانی لە ئەوروپادا لەهەمبەر شەڕی ناوبراو لاوازە، بە هۆکاری ئابووریی،کە نزیکەش ٪٦٠ ڕێژەی گازی لە رووسیاوە بۆ دێت . هەندێ هۆکاریی مێژوویی و جوگرافیایی و سیاسی و ئایدۆلۆژیش،بوونەتە ڕێگرێکی تەواو لە بەشداری چالاکی ئەڵمان لەم شەڕەدا، بە پشتیوانیکردنی ئۆکراینا.

شایانی باسە، سەرەک کۆماری ئەڵمانیا Frank-Walter Steinmeyer کە سەر بەهەمان پارتی شرۆیدەر و شۆلسە/ سۆسیال دیموکرات و بەشدارە لە پرۆژەکەی نۆرد ستریم دوو دا، ویستی سەردانی ئۆکراینا بکات، سێلێنسکی ڕەتی کردوەە و بە ڕاشکاوی وتی: " تۆمان نامانەوێت بێت و پێشووازیت لێ ناکەم!.. کەسێک با بێت/ ڕاوێژکار کە بڕیاری چەک ناردنی بەدەستە" . ئەمەیە هەڵوێست و ئیمانی بەرز و باوەڕ بە دۆزی خۆت و ڕێزگرتن لە کێشە و خاک و نەتەوە و بوون و ناسنامەی خۆت.

لەوتارەکەی 23.3.2022 لە پەرلەمانی فەرەنسا کاولکاریی ئۆکراینا دەچوێنێ بە کاولکاری Verdun کە لەیەکەم جەنگی جیهانیدا خاپوور کرا. هەر لێرە لە فەرەنسا ئاماژە بە دروشمە گەورە سێکوچکەییەکەی شۆڕشی فەرەنسا( **ئازادی، یەکسانی و برایەتی)** دەکات! دەڵێ: " ئۆکرایناییەکان چاک دەزانن بەهای ئەم دروشمە لای فەرەنسییەکان چەند بەرز و بەنرخە" ... هەر لەم میانەدا گوتەکانی چەرچڵ و شکسپیر بە بیر دێنێتەوە " **هەبین یا نەبین** " : ئەوجا ڕۆڵێکی ئەکتەری بەناوبانگ جۆن پلۆ مۆندۆ بەبیر دێنێتەوە.. دەڵێ " گەر لەم شوێنەدا نەبێت، ئەی من لە کوێدا ئەم وشە بهێنمەوە یاد کە هی بەریتانیای گەورەیە..."

لە ئیسپانیا باسی کوشتاری Guernica بەیادی ئیسپانییەکان دێنێتەوە و لە پورتوگال باسی شۆڕشی Nelkenدەکات و لە دانیمارک خەباتی رزگاریخوازی لە دژی ئەڵمان وەبیر دێنێتەوە و بیری گەلانی ئەوروپا دێنێتەوە و بچنە ئەو دۆخەوە کاتێ خۆتان بەو وێنەیە نمایشت دەکەن نیشتمانیان داگیرکراوە و دەکوژرێن و کاول دەکرێن...
لە وتارەکەیدا بۆ ژاپۆنییەکان باسی Tschernobyl دەکات و وەک مۆتیف لە چەقی باسەکەیدا دەیخاتە ڕوو. هەروەها بێ ئەوەی باسی فۆکۆشیما بکات، دەڵێ:" هەر یەک لە ئێوە دەزانێ چەرنۆبەل واتای چییە...!
"بەڵێ هەموو ئەم ڕاستییانە بەستراوە بە یەکگرتوویی خۆمانەوە". مەبەستی گەلەکەی خۆی و تێکڕای مرۆڤایەتییە،دەنا هێریشەی چەکی ئەتۆمی پۆتین لە ئان و ساتدایە.
سەرۆکی ئۆکراینا، لەهیچ وتارێکی دا چەمک و وشەی: (ئازادی، ڕوومەت یاخود پاڵەوانێتی)، لە بیر ناکات و دوا وتەیشی هەمیشە شکۆی ئۆکرانیا (Slava Ukraine ) یە ...
لە دوا وتاریدا ئاماژەی داوە بەوەی : "تا جەنگ تەواو دەبێ، بەردەوام بین لەسەر بەرگریی.. هەموو ڕۆژێ ئۆکراینایی دەگلێن و دەمرن بۆ ئەوەی ئێمە سەربەخۆ و ئازاد بژین"... کاتێ ڕۆژی 22.5.2022 سەرۆکی وڵاتی پۆلۆنیا Andrezej Duda بۆ سەردانی کێیف چوو، سێلێنسکی وتی: " بێ ئۆکراینایەکی ئازاد، پۆلۆنیایەکی ئازاد ناتوانێ ببێت".
ئەم هەقیقەتەی جوان پێکاوە، چونکە چاوچنۆکی پۆتین هەر بەسەر ئۆکرایناوە ناوەستێ، ئاخر سروشتی دیکتاتۆریی شەڕانگێز وایە ،هەموو جیهان چاو و حەزی پڕ ناکاتەوە...پرۆفیسۆری دەروونناسی بەناوبانگی ئەڵمانی Hans Jürgen Wirth دەڵێ: " پۆتین نەخۆشی دەسەڵات وگەورەیی هەیە لە فۆڕمی نێرجسیتێکی کاولکارانەدا "
بەڵێ .. ئەوروپا بە گشتی ئەم شەڕەی رووسیا و پۆتین بە دژی دیموکراسی و ئازادی دەزانن و گیانی چاوچنۆکی و فراوانخوازی پۆتین بۆتە جێی مەترسی وڵاتانی بە تایبەت ڕۆژ هەڵاتی ئەوروپای ژێردەستی شوورەوی جاران . ئەم هەڕەشە و ترسە هەردوو وڵاتی سوید و فینلەندایشی هێنایە سەر قەناعەتی بە ئەندام بوون لە ڕێکخراوی NATO دا ، لە کاتێکە چەندەها ساڵە ئەم دوو وڵاتە بێلایەنی خۆیان ڕاگەیاند بوو.
لە وتاری کۆڕبەندی ئابووری Davos دا، لە وڵاتی سویسرا دەڵێ:" جیهان باوەڕی بە ئیرادەی ئۆکراینا هەیە... ئێمە چین و چمان کردووە و چ دەتوانین بکەین".

بە کورتی بەپێی گووتەی شارەزا و لێکۆڵەر و چاودێرەکان، لە ئایندەشدا سێلێنسکی هەر وتارێک بدات، ئەوە دەردەخات کەوا ئۆکراینا ئەم شەڕە نادۆڕێنێ...

شایانی باسە ڕۆژی دووشەممە23.5.20222 بۆ یەکەمجار دادگای ئۆکراینا سزای زیندانی هەتاهەتایی دا بەسەر سەربازێکی رووسیدا سەپاند، کە کەسێکی سڤیلی تەمەن 62 ساڵ کوشتووە. ئەمەش ڕەهەندێکی نوێ و تایبەتمەندییەکی تری شەڕی ئۆکرایناى بەخۆوە گرت... ئەم شێپووره بەڕووی سەربازانی رووس و جیهان دا هەڵگری ئەو پەیامیە کەوا : **مەیدانی شەڕیش گۆڕەپانێکی واڵا نییە بۆ تاوان ئەنجام دان و کوشتنی کەسانی بێ بەرگریی و بێ چەک...**
هاوکات ئاگادارکردنەوەی هەموو سەربازانی رووسیایە، گەر تاوان ئەنجام بدەن لە دەست دادگا رزگارتان نابێت... جێ بایەخە کەوا لە کێیف دادگایی ژمارەیەکی زۆری تریش وا بەڕێوە...

ئەی ئێمەی کورد؟؟...!!
لەم میانەدا لە دوو بڕگەدا بە خێرایی دۆزی کورد بەسەر دەکەمەوە و گرێی دەدەم بەم باسەوە...
ئایا کورد تا ئیستا پەیامێکی پوخت و ڕوون کراوە بەڕووی میللەتانی سەردەستی خۆیدا واڵا کراوە! ،کە هەموو ژان و ئازار و کوێرەوییەکانی لە خۆی گرتبێ و هەڵگری ڕەگەزی هۆشیاری و بە ئاگا هێنانەوە و تێگەیاندن بێت!!، بۆ ئەوەی ئەو گەلانە دروست لێی حاڵی بن و لایان ڕوون بێتەوە: تا کێشەی کورد چارەسەر نەبێ، ئەوانیش مەحاڵە بتوانن تامی ئاشتی و ئارامی بچێژن.. ناتوانن بە ئارامی بژین، گەشە

و پێش ناکەون.. وە هەروەها بۆ ئەوەی چیدی خوێنی ڕۆڵەکان بە خۆڕایی نەڕژێ، پێویستە ڕێ لە بازرگانی شەڕ و داگیرکاریی بگرن و گوشار بۆ سەر حکومەت و دەسەڵاتی خۆیان بهێنن، چارەسەرێکی بنەبڕی ئەم پرسە بکەن. کوردیش پێویستە بێتە خاوەنی ماف و دەسەڵاتی خۆی و سەقامگیریی و تەبایی باڵ بەسەر ناوچەکەدا بکێشێ ؟...!

یاخود کورد هەر ئەوەی کردووە: شەرمنانە دەستی ڕازی بوون بۆ تاوان و ستەمەکان بەرز بکاتەوە. نە خۆی بزانێ چی دەوێت و نە دۆست و نە دوژمن لێی حاڵی بن !! دەبێت هەر سرووود و گۆرانی بۆ پێکەوە ژیانی درۆزنانە و نابەرانبەر بکات لەگەڵ داگیرکەری بکوژ و خوێناویدا و بە فشە ماف ڕازی بێت.، کە ئەویشی پێ ڕەوا نابینن. بە دەبڕینێکی تر، گوتاری کوردیی هێڵی تۆخی کێشاوە لەنێوان خۆیی و ئەوانی داگیرکەر و دوژمن و بێگانەدا؟!.

باشە ئەوە دەبینین سەربازێکی داگیرکەری رووسی لەسەر کوشتنی تاکێکی ئۆکراینایی سڤیل چ چارەنووسێک ڕووبەڕووی بۆوە... دەسەڵاتی ئۆکرانیا چۆن مامەڵەی کرد.

ئایا بکوژانی کورد چ کاردانەوەیەکی هەبوو،هەیە بەرانبەر بە : داگیرکەرەکانی، بەرپرسە باڵاکانیان،ئەو فرۆکەوانانەی بۆمبابارانی هەڵەبجەیان کرد، هەڵوێستمان چ بوو بەرانبەر بەرپرس و ئەفسەرە پلە باڵاکانی پاڵەوانەکانی ئەنفال و وێرانکەرانی کۆبانی و خوێنڕێژانی سنەی خوێناوی .

مشتێ لە ناوەکانی(( ئەتاتورک و سەدام و ئەسەد و خومەینی و ئەردۆغان، زەعیم سدیق و عەلی کیمیاوی و نزار خەزرەجی و وفیق سامەڕایی و تاریق رەمەزان و ئاغایانی بەنی سەدر و خاڵخاڵی و جەعفەریی و سەحراوی...و هتد)) تراژیدیای مێژووی نەتەوەی کوردی ستەم لێکراومانە .

حەکیم کاکەوەیس جوانی پێکاوە ، لە ڕۆمانی تەونی جاڵجاڵۆکەدا لە زمانی "هەقەلی" یەوە دەنووسێ :

**قەیدی چییە؟.. من یەخسیری جەنگم و لە بەرەی شەڕدا گیراوم! نەختێکی دی ، وەک ئەفسەرە زلەکەی بەعسم لێ بکەن! ڕێبازی شۆڕشم بۆ ڕوون بکەنەوە و ئازادم کەن! دەبێ ئەوەندەی ئەویشم ڕەوا نەبینن" ؟..!**

---

سەرنج: سوود وەرگیراوە لە چەند وتارێکی رۆژنامەی تاگەسشپیگل و بینینی چەند گوتارێکی ڤیدیۆی سێلێنسکی...